# ئوستورە[١]ی کردار

موراد فەرهادپور، ئومید میهرەگان
و. وەلید عومەر

**وتەیەکی وەرگێڕ:**

**لە عەقڵی سەلیم یان باودا دابەشکارییەکی دوالیستانە هەیە لەنێوان تیۆر و پراکتیك، یان قسە و کردارەدا. پێداگرتنێکی درۆزنانە و تەڵخ هەیە لەسەر کردار، کرداری ڕاستەوخۆ و بێمیدیۆم و بێنێوانگر. ئەم تێڕوانینە وایکردووە کە بە هەموو جۆرە تیۆر و تیۆریزەکردنێك بوترێت "قسەی زل"، لەکاتێکدا هەموو تیۆرەکان قسەی زل و بەتاڵ نین و بەشدارن لە واقیعدا. خۆ ڕاستە کەم نین ئەو قسە و فەلسەفاندنانەش کە مەسەلە هەنوکەیی و گرنگەکان دەیشێوێنن، بۆیە پێویستە تیۆری ڕادیکاڵ و زیندوو لە قسەی قەبە و بەتاڵ جیابکرێتەوە. پێداگرتن لەسەر کردار، هەمیشە پێداگرتنێکی پاك و نیەتپاکانەش نیە. ئەم تێڕوانینە، لە ساڵانی ڕابردووی ئێمەدا لە ڕستەی سیاسییەکی وەك "بەرهەم ساڵح"دا کۆدەبێتەوە: کردار شەرتە! ئەو کردارەی سیاسییەکانی ئێمە مەبەستیانە، پتر لە قسەی زلەوە نزیکە. تیۆر دەتوانێت "قسەی بچوك"یش بێت، دەرگیربوون بێت لەگەڵ دیاردە ڕۆژانەییەکان و نوکتە و نان و هتددا. تیۆر لە هەندێ جێی گرنگیشدا هەیە کە پێناچێت خەیاڵمان بۆی چووبێت، لە بەیاننامەی کۆمەڵێك گەنجەوە بیگرە تا دەکاتە ڕستەی پچڕپچڕی ژنێکی نەخوێنەوار لەبەردەم مایکی تەلەفزیۆندا کە دەڵێت: ئێمە زوڵم و خراپە قبوڵناکەین و حەزمان لە ئازادییە. ئەم نوسینەی خوارەوە بۆ واقیعی ئێمەش بایەخی خۆی هەیە، بەڵام بەو مەرجەی نەبێتە**

---

[١]. لە هەندێك نوسین و وەرگێڕانی کوردیدا، هەردوو زاراوەی "ئوستورە" و "ئەفسانە" تێکەڵدەکرێن. زاراوەی ئەفسانە زەقکراوەتەوە و لەجیاتیی ئوستورەش بەکاردەهێنرێت. ئوستورە(myth)، جیایە لە ئەفسانە(legend). ئەفسانە بنەمایەکی واقیعیی هەیە و درۆی ڕووت نیە، واتە هەڵگری ڕەهەندێکی مێژوویی ڕاستەقینەیە و زیادە و تەمومژی چۆتە سەر؛ بەڵام ئوستورە پتر هۆنینەوەی خەیاڵات و زیادەڕۆییە و ناوکێکی مێژوویی دیاریکراوی نیە.[و].

**بیانوویەك بۆ خۆدزینەوە و سوکایەتیکردن بە "بەردەفڕکێی گەنج و هەرزەکارەکان"، یان نەبێتە ستایشکردنی عیرفانبازی و خودگەرایی.**

ئوستورەکان کۆمەڵێك حەکایەتی گشتین[کلی] کە ئامانجەکەیان بریتییە لە بەگشتیکردن و هەمەکیکردنی ژیان و جیهان و هەموو شتێك. ڕۆڵ و کارکردی ئوستورەکان بریتییە لە پڕکردنەوەی کون و درزەکان و شاردنەوەی ناکۆکییەکان. ئوستورەکان لە یەك کاتدا هەم ڕوونن و هەم تەمومژاوی، کێشە و پرسیارەکانمان ڕوون دەکەنەوە، بەڵام لەسەر حیسابی سادەکردنەوەی درۆیینەیان. ئوستورەکان وەڵامێکی سادە و سەرڕاستیان هەیە بۆ هەموو شتەکان، و لە ڕێگەی دەربازبوون لە ئاڵۆزی و ناکۆکی و تەمومژەکانەوە وەڵامی ئارەزووی ناوەکیمان دەدەنەوە. بەڵام سپێتی و ڕوونی و پاکییان وەکو دیمەنی سپی و بەفرگرتووی جەمسەرەکان وایە و ترسێکی شاراوەمان تیا دەبزوێنێت؛ باج و بەهای ئەم ڕوونی و پاکییە، بێدەنگی و سەرما و ڕەقبوونەوە و مردنە.

سەردەمی ئێمە، بەتایبەت دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیست، شاهیدی خولیایەکی زۆر بووە بۆ «لەئوستورەداماڵین» و هەڵوەشاندنەوەی ئوستورە. هەر ئەم خولیایە بە کە زۆرکەسی خستۆتە سەر کەڵکەڵەی ڕاگەیاندنی کۆتاییەکان: کۆتایی مێژوو، کۆتایی شۆڕش و ڕزگاری لە سیاسەتدا، کۆتایی سوبێکت، حەقیقەت و گشتێتی و گەردوونگەرایی(کلیت)لە فەلسەفەدا، کۆتایی عەقڵ، مۆدێرنە و پیشەسازی لە کۆمەڵناسی و ئابوریدا، تەنانەت کۆتایی خودی «ئوستورە»ش لە تیۆلۆژیادا. بەڵام ئەم خولیایە بۆ ڕاگەیاندنی کۆتاییەکان، ئێستا خۆی بۆتە ئوستورەیەك. لەڕاستیدا، «لەئوستورەداماڵین» هەمیشە بە شێوەیەکی ناوەکی و شاراوە تێکەڵی ئوستورەسازی بۆتەوە. ئەو نەریتە فیکرییانەی کە هیچکات وەکو نەریتێك ئاگایان لە سرووشتی مێژوویی خۆیان نەبووە و هەمیشە هەوڵیانداوە لە یەككاتدا ڕۆڵی یاریزان و ناوبژیوان و تەماشاکەریش بگێڕن، بۆ نموونە زانستگەرایی و لیبراڵیزم، لە بەرامبەر ڕاگەیاندنی تێکشکانی ئوستورەگەلێکدا کە لەڕاستیدا هەندێکیان تەمەنیان کۆتاییهاتبوو، هەندێك ئوستورەی تریان دا بە دەرخواردی خەڵك. لەوانە، ئۆبێکتیڤبوونی زانست یان ئوستورەی بازاڕی ئازاد، کە تەنانەت بۆ خودی لیبراڵەکانیش بوونیان نیە.

بەڵام لەم نێوانەدا، جۆرێکی تایبەتی ئوستورە هەیە و بەپێچەوانەی جۆرەکانی ترەوە، ئامادەییەکەیان زەق و بەرچاو نیە و کەمجار هەڵدەماڵرێن و ئاشکرا دەبن. ئەم ئوستورانە کە لە باگراوەندی ژیانی ڕۆژانە و دووتوێی داوەری و حوکمدان و تێگەیشتنەکاندا درێژە بە ژیانی بێدەنگی خۆیان دەدەن، هەروا لاواز و بێکاریگەری نین بەڵکو بەپێچەوانەوە دەتوانن نەرم و لەسەرەخۆ کۆمەڵانی خەڵك لێخوڕن. ڕاوکردنی ئەم ئوستورانە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکە کە بتوانێت سەر بکات بە ناو درز و کەلەبەرەکاندا، بە ناو پشتخان و ژێرزەمینەکاندا، بە کورتییەکەی هەموو جێیەك. تەنزی تاڵ و گورچکبڕی ڤۆڵتێری، ئامرازێکی گونجاوە بۆ ئەم بیرکردنەوە ڕاوکەرە، بەڵام لەمەش باشتر ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیە کە برێخت ناویدەنێت بیرکردنەوەی کاڵوخاو (crude thinking). ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە پانتایی تیۆریزەکرندا یەکسانە بە کردەگەلێکی وەك نەرمە ڕا، مەشق(ئەحما)، ڕێکردن، پیاسە و وێڵگەڕی.

سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕادیکاڵە خوێندکارییەکانی کۆتایی دەیەی ١٩٦٠، زەمینەی مێژوویی دووبارەبوونەوەی هەندێك تۆمەت بوو دژی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بەتایبەت خودی "تیۆدۆر ئەدۆرنۆ". بە چاوپۆشی لە درووستی و نادرووستیی بۆچوونەکانی ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر(کە لە پۆستی سەرۆکی زانکۆی فرانکفۆرتدا لە ڕابردوو پتر کۆنزەرڤاتیڤتر ببوو) و کەموکورتییە تیۆرییەکانیان لە مامەڵەیاندا لەگەڵ «مارکسیزمی ڕووسی» و سیاسەتی پراکتیکیدا؛ گومانی تیا نیە کە بەشی سەرەکیی ئەم تۆمەتانە بەرەنجامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بڕوابوون بوو بە ئوستورەی کردار. بەڵام خودی (تۆمەتبارکردن)ـەکە هەویرێکی تێکەڵ و پێکەڵ و دووبارەی ئەم سیفەتانە بوو: پشتگوێخراو، ڕۆشنبیر، پاسیڤ و دەستەوەستاو، کرمی کتێب[مشکی کاغەزخۆر]، بۆرژوای نزم و ساقت، فرەوێژ، تیۆرچن، خانەدانخوو، کەسێك کە لە جیاتیی بەشداریکردن لە خەباتی خەڵکدا دژی ئیمپریالیزم، شیعر و ڕۆمان دەخوێنێتەوە(ئەویش هی کەسانێکی نزم و ساقتی وەك کافکا و بێکێت)، یان لە ژوورەکەیدا چەند پارچەیەکی شۆنبێرگ بە پیانۆکەی دەژەنێت.

یەکێك لە ڕۆڵ و کارکردەکانی ئوستورە، ڕێك بریتییە لە ئیفلیجکردنی فیکر و چەسپاندنی گەمژەیی. ئێستا ئەوەندە بەسە بیرێك لەم ڕاستییانەی خوارەوە بکەینەوە:

١. تا ڕادەیەکی نزیك لە دڵنیاییەوە، جگە لە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەدۆرنۆ لە سەرتاپای ژیانیدا دەستی نەداوەتە هیچ جۆرە "کردارێکی سیاسی"، بە دەربڕینێکی تر، ڕۆژنامەی نەفرۆشتووە، بەیاننامەی بڵاونەکردۆتەوە، لەگەڵ

پۆلیسدا دەستەویەخە نەبۆتەوە، بەشداریی خۆپیشاندانی نەکردووە، نەچۆتە زیندان، خەباتی چەکداریی نەبووە، لە مانگرتنی بەکۆمەڵی کرێکاراندا وتاری حەماسیی نەخوێندۆتەوە و لە هیچ شۆڕشێکدا بەشدار نەبووە.

٢. ملیۆنان خوێندکار و گەنجی ڕادیکاڵ لە سەرانسەری دونیادا ، لە سەرەتای بزووتنەوەی ڕۆمانتیکەوە تاکو ئەمڕۆ، کارەکانی سەرەوەیان بەبێ وەستان ئەنجامداوە.

٣. شتێکی تەواو بەڵگەنەویستە کە پشکی ئەدۆرنۆ لە پێشکەوتن و بەدیهاتنی کردارەکیی ئامانجی سۆسیالیزم و عەدالەتخوازی و ڕزگاربوونی کۆمەڵگا و تاک و هەر ناوێکی تردا، چەندقات لە دانە بە دانەی ئەو ملیۆنان کەسە زیاتر بووە. تەنانەت هەندێك تیۆریستی وەکو لینین و ترۆتسکییش، زیاتر سەروکاریان لەگەڵ قەڵەم و کاغەزدا بووە نەك بێڵ و تفەنگ. ڕەنگە ئەم حوکمە، وەك حوکمێکی ساویلکانە و گاڵتەجاڕ بێتە بەرچاو و بەم وەڵامە کۆتایی بێت: «مەبەستی ئێمە لە کردار ئەوە نیە کە ئەدۆرنۆ و ترۆتسکی بێڵێك بگرنە دەستیانەوە تاکو بیانخەینە ڕیزی زەحمەتکێشانەوە». بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ساویلکەییە بەشێکە لە ماهیەتی کردار و بێ ئەوەی تاکەکان خۆیان بەڕاشکاوی دانی پیا بنێن، لەم پێشگریمانەیەوە دەست پێدەکەن و (سیاسەتی پراکتیکی)ـی لینین و ترۆتسکی کورتدەکەنەوە بۆ ئەم چەمك و تێگەیشتنە ساویلکانەیە.

بەڵام گەر هەر ئوستورەیەك وەڵامی ئارەزوویەکی شاراوە دەداتەوە، ئەوا ئارەزووی شاراوەی پشت ئوستورەی کردار چیە؟ بە ئاسانی دەتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین کە لەم ئوستورەیەدا لەبەردەم ئارەزووی کرداری "پەتی"داین. کردارێك کە بەبێ هیچ مەودایەکی شوێنکاتانە، هەر لێرەدا و لەم چرکەیەدا حەقیقەت و سەرکەوتنی ڕەهامان بۆ بەدیبێنێت. گەر ئەم سیفەتانە وەرگێڕینە سەر زمانی تیۆر، ئەوا بەرهەمی کارەکە هیچ نیە جگە لە کرداری ڕاستەوخۆ و بێنێوانگر. لەڕاستیدا ڕق لە تیۆر خۆی، نمونەیەکی تایبەتە بۆ ڕق لە ناوەندگیری و نێوانگری(mediation). مەبەست لە نێوانگری(کە ڕوونکردنەوەی، پێویستی بە باسێکی جیا و سەربەخۆیە) پەیڕەویکردنی بنەماکەی ئەرستۆ نیە دەربارەی ناوەڕاستگرتن و میانڕەوی. ئارەزوو بۆ نەبوونی نێوانگر، کە چەمکە هیگڵییەکانی وەك (گیانی جوان) و (ڕۆحی ڕۆمانتیك) نمونەیەکی باڵان بۆی، کۆمەڵێك مانا و

میسداقی زۆری هەیە(لە پانتایی باسەکەی ئێستاماندا): بێئۆقرەیی، هەڵهاتن لە هۆشیاریی مێژوویی، بێتوانایی لە شیکردنەوەی کۆنکرێتی و دیاریکراودا، ئەو نائومێدییەی کە لە ئیفلیجبوونەوە سەرچاوەی گرتووە، لە هەمووشی گرنگتر ئەو "کردارپەرستی و دەردەکردار"ـەیە کە لە نەرِخسانی هەر جۆرە کردارێکەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئارەزووکردنی کرداری پەتی و بێناوەند، هەمان ئارەزووی یەکبوونە لەگەڵ حەقیقەتی پەتیی موتڵەقدا کە بنچینەی هەموو ڕوانگە عیرفانییەکان پێکدێنێت. پێناسە لاکانییەکە بۆ عیرفان، کە لەڕاستیدا وردترین و پرِگوزارشترین پێناسەی عیرفانە، بونیاد و ستراکتۆری ئەم ئارەزووە و ئەو ئوستورەیەشی کە درووستیدەکات، ڕووندەکاتەوە:_عیرفان بریتییە لە یەکبوونی بێنێوانگری ***ڕیاڵ***[2] لەگەڵ **خەیاڵی**دا. ***ڕیاڵ*** بریتییە لەو (شت)ـە بێ ڕەنگەی ئەودیوی هەموو شتەکان و هەموو دەرکەوتەکان و هەموو ماناکان، هەمان واقیعی لە واقیع واقیعتر، هەمان دەسەلاتی "بوون" لەودیوی بوونەوەرەکانەوە کە دەرنابرِێت و نانوێنرێتەوە و لەپشتی پانتایی ڕەمزیی زمان و کەلتور و کۆمەڵگاوەیە، و **خەیاڵی**ش بریتییە لە وێنەی نەرجسییانەی (من) وەك سەنتەری نەگۆڕ و یەکپارچە و پتەوی جیهان. یەکبوونی بێنێوانگری ئەو دووانە، واتە توانەوەی (من) لە حەقیقەتدا و توانەوەی حەقیقەت لە مندا. پێدەچێت ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردن و کوژران، زەقترین نمونەی ئەم تێڕوانینە عیرفانی و ڕۆمانتیکییە بن بۆ کرداری پەتی. داماڵینی هەر جۆرە نێوانگرێك لەم کردارە، بەدڵنیاییەوە دەیگۆڕێت بۆ کرداری پەتیی ویساڵ و پێگەیشتن و سەرکەوتن، بەڵام تاکە نمونەی کرداری پەتیی سەرکەوتووش بریتییە لە خۆکوشتن. وەکچۆن لاکان دەڵێت، خۆکوشتن تاکە کرداری هەربەڕاست سەرکەوتووە، چونکە [سوبێکت] دەستی دەگات بە ئامانج و بەرهەمە ئایدیاڵەکەی خۆیدا کە جەستەیە. ئیدی لە حاڵەتەکانی تردا، ئارەزووی ئێمە تەنیا بەو مانایە دێتەدی کە دەستمان بگاتە جێنشین یان بابەتێکی هاوشێوە و ساختەی ئارەزووودا. ئەم شکستە بەشێکە لە ئارەزووی مرۆڤ وەکو نوقسانییەك کە هەرگیز پڕنابێتەوە، چونکە بەدەر لەم حاڵەتە ئێمە ئیتر سەروکارمان لەگەڵ شتێکدا نابێت کە ناوی سوبێکت بێت.

---

[2]. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چەمکی ***ڕیاڵ***، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر چاپکراوەکانی پرۆژەی نێگەتیف (بەتایبەت کتێبی دووەم، دیالەکتیك کە بەو زووانە دەزگای سەردەم بڵاویدەکاتەوە).

سوبێکت خۆی لەسەر بنەمای ناواخنکردنەوەی ئارەزوو یان نوقسانی و درز و بۆشایی درووستدەبێت. لە پەیوەندیی دیالەکتیکیی نێوان ئەم دووانەدا، هەر گۆڕانێك لە یەکێکیاندا، بەناچاری گۆڕان بەسەر ئەویتریشیاندا دێنێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە تەنانەت گەر بابەتی ڕاستەقینە و ئایدیاڵیی ئارەزووش بێتە دی ئەوا دیسان کردار، سەرنەکەوتوو و دڵساردانە دەمێنێتەوە؛ چونکە خودی کرداری ئارەزووکردن و بەدەستهێنانی بابەتی ئارەزوو دەبێتە هۆی گۆڕان لە سوبێکتدا، هەڵبەت بە جۆرێك کە لە کۆتاییدا من چیتر ئەو کەسەی پێشوو نیم و سەرەنجام ئارەزووی بەدیهاتووش چیتر ئارەزووی من نیە.

لەئوستورەداماڵین، زۆرجار چ بە ئاشکرا یان شاراوە، تێکەڵ دەبێتەوە بە دروستکردنەوەی ئوستورە. تەنانەت سەبارەت بە دانەری ئەم زاراوەیەش، واتە ڕۆدۆڵف بۆتمانیش بەئاسانی دەتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین کە دیدی نارِخنەیی و نامێژوویی بۆ مۆدێرنە وەکو ستراکتۆرێکی ئەپیستمۆلۆژی و قبوڵکردنی تەواوی ئوستورەی زانست وەك تاکە زانینی ئۆبێکتیڤ و یەقینئامێز بەشێکی گرنگە لە (بنەما تیۆرییەکان)ـی ئەو لە داماڵینی ئوستورەدا لە پەیامی مەسیحیەتدا. دەتوانین نمونەیەکی ئێرانی بۆ ئەم پەیوەندییە ناوەکییە کە ڕێك پەیڕەوی لەم لۆژیکە دەکات، لە بەرهەمەکانی عەبدولکەریم سرووش و سەید جەواد تەباتەباییدا بدۆزینەوە. ئامادەیی ئەم ستراکتۆرە هاوبەشە لەم دوو گوتارە ناکۆکەدا، بەڵگەی فراوانی و دەسەڵاتی ئەم بیرکردنەوە ئایدیاڵیستی و ئوستورەییە و بێبایەخبوونی گفتوگۆ [خۆماڵی و] نیشتمانییەکانە.

بۆیە بەم پێیە ئەو مەترسییە لەئارادایە کە وێرانکردن و تێکشکاندنی "ئوستورەی کردار" لە جیاتیی بنیاتنانەوەیدا، ببێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی ئوستورەی (بۆچوون و قسە و [تیۆر][٣]). دەربڕینی ئەو حەقیقەتەی کە (قسە و تیۆر) لە هەندێك قۆناغی مێژووییدا لە ئاست و پێگەی کرداردایە و کرداریش خۆی چەمکێکی تیۆرییە،

---

[٣]. لە سەردەمی پۆستمۆدێرنی خۆماندا، بۆچوونی شەخسی و ڕای تایبەتی، برەوێکی سەیری سەندووە. برەوێك کە سوبێکتێکی خۆپەرستی درووستکردووە و لەگەڵ هەر جۆرە دەستێوەردانێکدا پێت دەڵێت: ئەمە ڕای خۆمە و پەیوەندیی بە تۆوە نیە! گەر دەرەنجامەکانی ئەم هەمووە بۆچوونە شەخسییە تا دواسنور، ڕاکێشین، دوور نیە هەموو ئەکت و چالاکییەکی جەماوەری و بەکۆمەڵ لەناوبچێت. کۆمێنتنوسین، یەکێکە لە دەرکەوتە زەقەکانی ئەم بۆچوونپەرستییە. کۆمیدیاکە لەوەدایە بە هەزاران کەس خەریکی قسەن و ڕەخنە لەوە دەگرن ***بۆچی قسە جێی کردار و پراکتیکی گرتۆتەوە***. [و].

بەتەواوی کێشەکەمان بۆ چارە ناکات. بەڵام ڕەنگە ئەم ناتەواوییە خۆی دیوێکی حەقیقەت بێت. ئوستورە ڕۆڵی ئەو هەویر و مەعجونە دەبینێت کە بڕیارە هەموو درز و کەلەبەرەکان پڕبکاتەوە و واقیع وەکو «گشت و کۆ»یەکی یەکپارچە و بێناکۆکی بخاتەڕوو. کەواتە ئەوەی لەدوای تێکشکاندنی ئوستورەی کردار دەمێنێتەوە بریتییە لە کۆمەڵێك درز و کون و کەلەبەر نەك «گشت»ێکی یەکپارچە و ئەبستراکت بەناوی (یەکێتیی دیالەکتیکیی نێوان تیۆر و کردار)ـەوە. هەر ئەوەندەی کە ڕاڕا نابین هەوڵی وەڵامێکی تەواوەتی بدەین، بۆخۆی نیشانەی وەفادارییە بەرامبەر بە حەقیقەت. بڕین و قرتاندنی گفتوگۆ لە بڕگەیەکی مێژوویدا بە شێوە بێکێتییەکەی، لە جیاتیی درێژەدانێکی بێکۆتایی لە (دۆخی ئایدیاڵیی قسە)دا، بڕینی دانیشتنی دەروونشیکاریی نەخۆش بە شێوە لاکانییەکەی، لە جیاتیی درێژەپێدانەکەی بە ستایلی ئەمریکی بۆ چارەسەرکردنی تاک و گونجاندنی لەگەڵ کۆمەڵگادا، دوو نمونەن بۆ "دیالەکتیکی وەستان"ـی واڵتەر بنیامین، ئەو دیالەکتیکەی کە حەقیقەت لە قاڵبی وێنەیەک یان مۆنتاژێکی دیالەکتیکیدا ڕاودەکات کە ئاوسە بە گرژی و ناکۆکی.

سەرچاوە:

- سایت رادیکال، https://radicalpub.wordpress.com